# مۆسیقا وەک هونەرێک لە بەیتەکانی (عەلی بەردەشانی)دا

**فەرمان موحسین عەبدوڵلا** — fermankurdi31@gmail.com
**پ. د. مەولود ئیبراهیم حەسەن** — mawlud.ibrahim@su.edu.krd
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی " مۆسیقا وەک هونەرێکی شیعری لە بەیتەکانی (عەلی بەردەشانی)دا، هەوڵێکە بۆ دەرخستن و نیشاندانی مۆسیقای شیعر لە بەیتدا بەگشتی و لە بەیتەکانی عەلی بەردەشانیدا بەتایبەتی. ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم: بە ناونیشانی مۆسیقا بەشێوەیەکی گشتی. پێکهاتووە لە سێ تەوەر (مۆسیقا و پەیوەندییەکانی، کێش و سەروا، مۆسیقای ناوەوەی شیعر.)، بەشی دووەم: بەیت. پێکهاتووە لە سێ تەوەر: (بنچینە و گرینگی بەیت، هەندێ لەو هەوڵانەی بۆ کۆکردنەوەی بەیتی کوردی دراون، بەیتخوێن و دیوەخان). بەشی سێیەم: مۆسیقا وەک هونەرێکی شیعریی لە بەیتەکانی (عەلی بەردەشانی)دا. دابەشکراوە بەسەر دوو تەوەرە (مۆسیقای دەرەوە، مۆسیقای ناوەوە)، لە کۆتایی توێژینەوەکەدا جگە لە لیستی سەرچاوەکان، ئەنجام و پوختە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوە.

**وشە سەرەکییەکان:** مۆسیقا، بەیت، شیعر، کێش، سەروا.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیەمان لەژێر ناونیشانی (مۆسیقا وەک هونەرێک لە بەیتەکان عەلی بەردەشانیدا) ئەنجامدا، هەوڵدراوە ئەو لایەنانەی مۆسیقای شیعر دروست دەکەن، دەستنیشانینان بکەین. رۆڵ و گرنگی بەرچاوی مۆسیقا لە ژیانی مرۆڤ ڕەنگیداوەتەوە و ئەم پەیوەندیەش بۆ سەرەتای ژیانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، کە لاسایی سروشت و دەنگەکانی سروشتی دەکردەوە، پاشان وردە وردە ئامێری مۆسیقی دروستکرد و دەنگەکان بوون بە ئاواز و گواسترانەوە ناو دەقە شیعرییەکان و بوونە بنەمای هونەری شیعر و تا ئەمڕۆش لەگەڵ شیعردا مایەوە و هەردوو مۆسیقای ناوەوە و دەرەوەی دروستکرد. یەکێ لە پەیوەندییەکانی مۆسیقاش لەگەڵ بەیتە.

هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی و زیندوویی بەیت و مۆسیقا و شیعر، لایەنیکی فراوان و دیاری کۆمەڵگای مرۆڤایەتین. هۆی هەڵبژاردنی (عەلی بەردەشانی)ش، لەبەرئەوەیە، کە شاعیرێکی بەتوانای ئەدەبی میللی نەتەوەکەمانە و ڕۆڵی کارای لە دانانی بەیت بۆ ژیانی کوردەواری هەیە و بەیتەکانی ڕەنگدانەوەی بەرزییان لەناو ئەدەبی میلیی کوردیدا هەیە.

پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکەش جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان، لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم: دەربارەی مۆسیقا بە شێوەیەکی گشتی بەسەر سێ تەوەرە دابەشکراوە، (تەوەرەی یەکەم: باسی مۆسیقای هونەریی کراوە، وەک ڕەگ و ڕیشەی مۆسیقا و پێناسە و پەیوەندی دەنگ و ئاواز بە مۆسیقا، پەیوەندی مۆسیقا و شیعر. تەوەرەی دووەم: کێش و سەروا و گرنگی هەر یەکەیان. تەوەرەی سێیەمیش: مۆسیقای ناوەوەی شیعر و ڕەگەزەکانی شیعر و جوانیناسی.

بەشی دووەم: دابەشکراوە بۆ سێ تەوەرە. تەوەرەی یەکەم بۆ دوو بەشی لاوەکی دابەشکراوە، ئەوانیش ڕەگ و ڕیشەی بەیت و پێناسەی بەیت. باسی بەیت لەگەڵ گرنگی بەیت. تەوەرەی دووەم: هەندێ لەو هەوڵانەی بۆ کۆکردنەوەی بەیتی کوردی دراون، تەوەرەی سێیەم : بەیتخوێن و دیوەخان.

بەشی سێیەم: مۆسیقا وەک هونەرێکی شیعریی لە بەیتەکانی ( عەلی بەردەشانی)دا، تەوەرەی یەکەم: مۆسیقای دەرەوە(کێش و سەروا)، تەوەرەی دووەم : مۆسیقای ناوەوە لە بەیتەکانی (بەردەشانی) دا:

## بەشی یەکەم: مۆسیقا

### تەوەرەی یەکەم- ڕەگ و ڕیشەی مۆسیقا:

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو، ئەوا لە بنچینەدا مۆسیقا مێژوویەکی کۆنی هەیە، وەک زۆربەی زاراوە و لایەنەکانی تری مێژوویی، کە پەیوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە، لە (( وشەی مۆسیقا وشەیەکی یۆنانییە، مۆسیکا کە بناغەی دانراوە و پەرەی سەند لە یۆنانەوە دەستیپێکرد، بەڵکو بە ٢٠٠ ساڵ پێش زاین، هەر لەو ماوەیە سەدەی (ئەنتیکن) دەستیپێکرد، کە یەکەم وشە دۆزرایەوە، وشەی هونەری (Mousike) کە بە مانای زۆر شتی هونەری ئەدا، زۆرجار توانرابوو، وشەی( Techne) بەکاربهێنرێت))(محمەد، ١٩٩٢،٩) چۆنیەتی پەیدابوون و سەرەتای خودی وشەی (مۆسیقا) هەر لە سەرەتاوە، تا دواتر، گۆڕاوە و بۆ واتای جۆراوجۆر لەلایەن نەتەوەکانەوە بەکارهێنراوە، کە بەزۆری پەیوەندی بە ئایینە جیاوازەکانی ناو میللەتانی سەردەمە جیاوازەکانەوە هەبووە. (( لە وشەی "موسا" وە داتاشراوە، کە واتای ئیلهام بەخش دەگەیەنێت، لەپاشاندا پیتی "قی"ی خراوەتەسەر و بووە بە "موسیقی" و بە "مۆسیقا"ش گۆ دەکرێت، لە زمانی عەرەبیدا بە هەر شتێک

دەگوترێت، کە مۆسیقای لێوە دەربچێت، لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەر وشەی (music) ڕادەوەستێ و لە زمانی فەرەنسیدا (musique )یە، ئەم وشەیەش لە بنچینەدا یۆنانییە بەواتای "موزی" بە شێوەیەکی نیمچە ئەندێشەیی سەیر دەکرا بەوەی، کە هونەرێکە خواوەندی هونەر بۆی ڕەوان دەکات، وشەی "موست" بەواتای ژیانەوە دێت، پاشان پیتی ئەلفی بۆ زیاد کراو بووە بە "موستا" واتە ئیلهام بۆ هاتووە))(خضر، ٢٠٠٧، ٢١) هەر لە هەمان خودی وشەکەدا، پیتێک یان زیاتر، کەم کراوە، یان زیادکراوە و گۆڕاوە بۆ پیتێکی تر، هاوبەشی لە نێوان مۆسیقای هونەری و شیعردا هەیە: لە ڕووی ئەداکردن. لە کۆن و ئێستاش مۆسیقا ئیلهام وەرگرتنە لە سروشت و لە ناخی مرۆڤ و لە خۆگونجاندن لەگەڵ مرۆڤ و خەم و ڕووداوەکانی مرۆڤیش. ((هونەری ئەداکردن لە شیعر و مۆسیقادا وەک یەکە، هەروەک چۆن هۆنینەوەی شیعری لە بنچینەدا بینا دەکرێت لەسەر کەرتکردن و لەتکردنی دێڕی شیعری، ئەو مۆسیقایەش بنچینەی ئەداکردنەکەی ناسراوە لە کەرتکردنی ڕستە مۆسیقییەکان، پێکەوەلکانی بەشەکانی ڕستەکەی تا دەگەینە وێنەییێکی نواندن لە پارچە مۆسیقایەکە)) ( علی، ١٩٨٥،٥٤) لە ڕووی ئاستەکانی سترێس((موزیک پشت بە ئاستە جیاوازەکانی سترێس دەبەستێ وەک توخمێکی پێکهێنەری ئاوازی گشتی، ڕیتمی شیعریش پشت بە هەمان توخم دەبەستێ لە ڕێگای گوشار خستنەسەر چەند یەکەییێکی ئیقاعەوە)) (سەعید٢٠٠٠، ٦٣) مۆسیقا هونەرێکە، کە سروشتێکی تایبەت بەخۆی هەیە و هونەرێکە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هەست و نەستی گوێگر هەیە، بە جۆرێک لە کاتی بیستندا هەست بە ئارامی دەکرێت. لە ڕووی پلەکانی مۆسیقاوە پلەی جیاوازی هەیە، کە هەر پلەیەک دەربڕی چەندین مانای جیاوازە بۆ ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤ و هەستکردن بە خۆشی و ناخۆشی لەناو سروشت و

دەوروبەری ژیانی مرۆڤایەتی((پلەکانی موزیک لە حەوت پلەی سەرەکی پێک دێن، کە بریتین لە : (دۆ، ڕێ، می، فا، سۆ، لا، سی) لە بەرامبەردا پیتە بیستراوەکانی شیعر لە ئەلف بێی هەموو زمانەکاندا هەن، واتە هەروەک چۆن بە جێگۆڕکێ لە پلەبەندی نۆتەکاندا شێوازی ئاواز لە موزیکدا دەگۆڕێ، بەهەمان شێوە بە جێگۆڕکێ لە پلەبەندی نۆتەکاندا شێوازی ئاواز لە موزیکدا دەگۆڕێ بەهەمان شێوە بە جێگۆڕکێ لە پیتەکانی زماندا مانای وشە و مانای گشتیش گۆڕانی بەسەردا دێت)) (سەعید٢٠٠٠، ٦٠) ئەم هونەرە لەگەڵ مرۆڤ هاتووە و لەگەڵ مرۆڤیش ماوەتەوە و دەمێنێتەوە، بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئەم پەیوەندییە لە نێوانیاندا ماوەتەوە، کاریگەری لە دەروونی مرۆڤ دروست کردووە، بەوەی مرۆڤ چێژ لە مۆسیقا وەردەگرێت.

**تەوەری دووەم: کێش و سەروا**

کێش و سەروا دوو لایەنی گرنگن لە داڕشتن و بەهێزکردنی دەقی شیعری، هەر بۆیە شاعیران لەناو زمانە جیاوازەکان و لە سەردەمە جیاوازەکانیش گرنگی زۆریان بە کێش و سەروا داوە و ڕەخنەگرانی ئەم بوارەش بە وردی لەکاتی شیکردنەوە و وردبوونەوە لەدەقی شیعری نرخ و پێکەی کێش و سەروایان بە هەند وەرگرتووە. کێش و سەروا وا لە شیعر دەکات، کە جوانی و چێژ ببەخشێت پێی و مۆسیقای شیعری دروست دەکات. کێش و سەروا ئەوەندە گرنگن هەندێک دەڵێن: ((کۆڵەگەیەکی بناغەی شیعرە بەتایبەتی شیعری کۆن، ئەویش بەهۆی پەیوەندی واژەکان لەگەڵ یەکترەوە دروست دەبێت، چونکە زەنگ و ئاواز و ئاهەنگی شیعرەکە لە لەرانەوەی تەفعیلەکانەوە دروست دەبێت، کە جۆرە کێشێکیان هەیە، کە یەکسانن لەگەڵ یەکتر و هەمیشە لە هەر دێڕێکی قەسیدەیەکدا دووبارە دەبێتەوە، کە مۆسیقایەکی دەرەکی پێکدێنێ، پێش هەموو شتێک ئەوەی لە شیعردا بەر گوێ دەکەون ترپە

و ئاوازەکەیەتی)) (قادر،٢٠١١، ٩٨)

**أ- گرنگی کێش بۆ دروستکردنی مۆسیقای دەرەوەی شیعر.**

کێش بناغەی پتەوی کەرستەی شیعرە، لە گشت سەردەمەکاندا مایەی تێرامان و لێ وردبوونەوەی قووڵی تەواوی شاعیران و لێکۆڵەرانی کێش بووە. کێش دروستکردن و ڕێکخستنێکی تایبەتییە لەگەڵ دەنگ، ئەم دروستکردن و ڕێکخستنە لای تەواوی میللەتان هەیە، بەڵام شێواز و ڕێچکەی تایبەتی هەیە لای هەر نەتەوەیەک، مۆسیقای دەرەوە دەردەخات. بەلای ژێرەوە. کێش کۆڵەکەی بەهێزی بنیاتنانی دەقی شیعرە، بە بێ کێش شیعر کەرستەیەکی ڕووتی بێ مانا دەردەچێت، کێشیش ئاواز و مۆسیقا لە ناو بڕگەکانی دەبینرێت ((ئاوازی شیعر سەرجەمی بڕگەکانی ناو هەنگاوەکان دروستی دەکەن، نەکو بڕگە کورت و درێژەکان بە تەنیا، بەڵام لەبەر ئەوەی لە کێشی خۆماڵیدا هەموو بڕگەکانی ناو هەنگاوەکان لە کورتی و درێژیدا وەکو یەکترنین)) (کەریم،١٩٨٢، ٤٠-٤٧). کێشە خۆماڵییەکانی شیعر لە بڕگەی هاوئاواز پێکدێن و شاعیر لە هەڵبژاردنی وشە لە دێڕەکاندا ڕیزیان دەکات. ئەرکی کێشیش لە شیعردا مۆسیقای بەهێز و کاریگەر بە شیعر دەبەخشێ و لە نارێکی و لاوازی جوانی و هێز دەیپارێزێ(( کێش ئەرکی پێکهێنانی مۆسیقای دەرەوەی شیعر لە ئەستۆ دەگرێ و دەبێتە چوارچێوەیەکی پتەو بۆی، کە لە پەرش و بڵاوی دەیپارێزێ)) (عید، ١٩٧٥، ٢١) ئەوەندەی کێش بەهێزتر بێت، ئەوا مۆسیقای شیعر کاریگەرتر دەبێت و بە پێچەوانەشەوە دروستە ((بەڵام ئەگەر شیعر کێشی تەواو نەبێ، ئەوا لەنگی تێدەکەوێ و خوێندنەوەی لاسەنگ و ناخۆش دەبێت، بەوەش دیاردەیەکی نامەئلوفی ناتەواو و جوانیکوژ دروستدەکات، ئەو دیاردەیە لە سەردەمی زوودا بۆ شاعیر عەیبێکی گەورە بووە و شاعیری گەورە خۆی لەوە پاراستووە..)) (عەبدوڵڵا،

٢٠٢٠، ٤٦) هەردەم شـاعیران هەوڵـدەدەن، کە دەقە شـیعرییەکانیان بە ڕێکتـرین کـێش بنووسـن، بەدوای جـۆری بـڕگەییەکن، کە جـوانترین مۆسیقا بەسەر دێڕەکاندا ڕەنگ بداتەوە.

**ب -گرنگی سەروا بۆ مۆسیقای دەرەوەی شیعر:**

سـەروا لە بوارەکـانی ئیسـتاتیکی و سـیمیۆلۆژی و واتـا، ئەرک و گرنگـی خـۆی لە شـیعردا هەیە. لە بـواری (سـیمیۆلۆژی)دا: ((بـوونی پەیوەنـدی لە نێـوان ئەو وشـانەی دووبـارە دەبـنەوە، کە بە سـەروا دادەنرێن لە بواری گوزارشتکردندا، وامان لێدەکات گریمانەی ئامادەیی پەیوەنـدییە دیارکراوەکـانی نـاوەرۆک بکەیـن، کە لایەنـی سـیمیۆلۆژی بەهێـز دەکـات)) (طالـب،٢٠٠٠، ١٧٨ ) لە بـواری (واتـا) سـەروا پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ واتا هەیە و تێگەیشتنی خوێنەر ئاسانتر دەکات : ((سەروا لەو پەیوەندییەی بە واتاوە هەیەتی دیاری دەکرێت، جـا ئەم پەیوەنـدییە پۆزەتیـڤ بێت، یـان نێگەتیـڤ لە هەمـوو بارێکـدا پەیوەنـدییەکی ناوەکییە..پێویسـتە سـەروا لەنـاو ئەم پەیوەنـدییەدا لێـی بکۆڵـدرێتەوە)) (الـولي و العمـري، ١٩٨٦، ٧٦) گرینگـی سـەروا لە بـواری جوانیناسـی، مۆسـیقای دەرەوە دروسـت دەکـات و هەسـتی خـوێنەرانی بەلای خۆیـدا ڕادەکێشـێت ((هەروەهـا ڕۆڵـی هەیە لە ڕیتمـدا.. بەکـورتی سـەروا پەیوەنـدی بە هەمـوو ڕەگەزە پێکهێنەرەکـانی بنیـاتی گشـتی شیعرەوە هەیە)) (حسێن، ٢٠٠٨، ٨٣)

**تەوەری سێیەم: مۆسیقای ناوەوەی شیعر.**

مۆسـیقای نـاوەوەی شـیعر لە ڕێگـای ڕێکخسـتن و دووبارەکردنەوەی کەرستەکانی دەنگ و وشـە ودەستەواژە و هـونەرە جوانەکانەوە، شـاعیر دەتوانێت توانـای خـۆی نیشـان بـدات و مۆسـیقای ناوەوەی دەقی شیعر دروست بکات و جوانی ببەخشێت بە شیعرەکە و هەسـت و دەروونـی خـۆی تێـدا نیشـان بـدات مۆسـیقای نـاوەوە

دیاردەیەکی دووبارەبوونەوەی دەنگییە و ڕێکخستنی وشەیە لە دەربڕی هەستی شاعیر.(( ڕوویان لە گەلی هونەری ڕەوانبێژی کردووە، ئەمە جگە لە توانا و سەلیقەی زمانی خۆیان لە ئاستە وردەکانی زماندا)) (کاکی، ٢٠١٢، ٢٦) مۆسیقای ناوەوە دیوی شاراوەی ناوەوەی شیعرە و دەبێت بە قوتابخانە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی شاعیران لەگەڵ یەکتری (( لە هەڵبژاردنی وشەکان لە پێوەندی پێکەوە گونجاندنی نێوان پیت و دەنگەکانیانەوە هەڵدەقوڵێ، هەر ئەم ئاوازەشە کە پلەی بەراوردی نێوان شاعێران دیاری دەکات)) (عەلی، ١٩٩٨، ٨٩ ) سەبارەت بە سەردەم و مێژووی ئەم جۆرە مۆسیقایە، لە مۆسیقای دەرەوە نوێترە و شاعیرانی نوێ گرنگی پێ دەدەن، (( لە ڕەخنەی تازەدا ئاواز یەکێکە لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شیعر)) (دەشتی، ٢٠٠٩، ١٦١) مۆسیقاییەکی شاراوەیە، واتە بەهۆی وردبوونەوە و گەڕانی شاعیر بۆ ڕێکخستن و ڕیزکردنی هەموو ئەو کەرستە جوانکارییانەی لە دروستکردنی ئەم جۆرە مۆسیقایە بەشدارن دێتە ئاراوە.

## بەشی دووەم: بەیت

### تەوەری یەکەم: بنچینە و گرینگی بەیت

#### أ-بنچینەی بەیت:

بەیت وەک جۆرێک لە هونەرەکانی ئەدەب (خانەی ئەدەبی میللی) گرنگییەکی بەرچاوی خۆی هەیە لە ئەدەب و مێژووی کۆنی هەیە، ئەگەر سەرەتا بۆ بنچینە و ڕەگ و ڕیشەی سەرەتای وشەی "بەیت"، ئاوڕێک لە مێژووی بەیت بدەینەوە، ئەوا زۆر زانیاری جۆرا و جۆر و هەن بۆ لێکدانەوە و زانینی زانیارییەکانی دەربارەی بنەچەی بەیت. ((ئەرەستۆ بەم جۆرە باس لە (Epic) داستان دەکات : وشەی (Epic) لە (Epapeia) لە (Epos) ئیپۆسی یۆنانییەوە هاتووە کە مانای: قسە،

گــۆرانی، چیرۆک،بەیــت... دەدات)) (گەردی،٢٠٠٤، ١١٢) بەیــت لەلای نەتەوەکـانی تـریش هەیە، کە ڕەنگـدانەوەی ژیـانی ڕۆژانەی میللەتـانە، بەیتبێژ ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژینگەی خۆی، یان سەردەمی پێش خۆی بە بەیت دەگوازێتەوە ((شێوەی بەیت لەناو نەتەوەکانیتردا هەیە. ئەوروپییەکــان وشــەی کــۆنی یۆنــانی (epic) بــۆ شــتێکی لە بەیتــی کوردییەوە نزیک بەکاردێنن، ئیپیکی ئەوروپییەکان دوو جۆرن: جۆری یەکەم :(Folk epic) بەیتی فۆلکلۆری، واتە بەیتی رەمەکی، کە ئەمەیان بە زاری گەلــدا دەگەڕا و دێ بەدێ و نــاوچە بە نــاوچە لەبەردەکــرا و دانەرەکانیـان نەناسـراو بوون وەکو (ئیلیاد و ئۆدیسـە). جۆری دووەم پێی دەڵێن: (art epic) واتە بەیتی هونەری ئەمەیان دانەرەکەی دیـارە)) (حەســەنپوور،٢٠٠٢، ل. نیــیە) لە فەرهەنگــی (هەمبــانە بــۆرینە)ی (عەبــدورەحمان شــەرەفکەندی ١٩٢٠ – ١٩٩١) (هەژار) بەم شـێوەیە باسـی بەیتـی کردووە((بەیـت، چیرۆکـی شـیعر هەوای گۆرانی بەیت و بــالۆرە بە یەکتریــان هەڵــدەگوت)) (هەژار، ١٩٩٠، ٨٧) ئەگەرچــی (شـەرەفکەندی) بەیـت و بـالۆرەی تـێکەڵ بە یەکتـری کـردوو، (بـالۆرە) جیایە لە بەیت، (بالۆرە) لە نێوان دوو کەسە و لەشێوەی پێشبڕکێ و جنێودانە، بۆ مەبەستی پێشبڕکێ و زاڵبوون بەسەر بەرامبەر دەگوترێت. بۆچــوونی جیــاوازیش هەیە، لە جیــاکردنەوەی بەیتــی کــوردی لە ســەرچاوەی زمــانی عەرەبــی، (هــێمن موکریــانی ١٩٢١ – ١٩٨٦)" لە پێشەکی داستانی " قەڵای دمدمدا" ی " ئۆسکارمان( ١٨٦٧ – ١٩١٧) " لە کتێبـی (تحفـة مظفریـة)، دەڵێت : (( بە بـڕوای مـن ئەم وشـەیە هـیچ پەیوەنــدی بە (بەیــت)ی عەرەبیــیەوە نیــیە، ڕای مامۆســتا " فەتــاحی قــازی(١٩٥٧) " بەڕاســت دەزانــم کە دەڵــێ : ڕەنــگ بــێ لە وشــەی (بەیات)ەوە هاتبێ، کە ناوی ئاوازێکە ))(مستەفا، ٢٠٠٩ ، ٥)

**ب-گرنگی بەیت:**

بەیت گشت ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکانی ڕابردوو دەگوازێتەوە، یان هەڵگری لایەنێکی ژیانی مرۆڤایەتی بوو، وەک (لایەنی ئایینیی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی،.. و تەواوی لایەنەکانی تری کۆمەڵگای مرۆڤایەتی) بۆیە نەخشەی ژیانی ڕۆژانەی میللەتی کوردی نیشانداوە و گرنگی تایبەتی خۆی هەبووە، بەیتەکان وەک قوتابخانە زانیارییەکانیان فێری خەڵکی گوند و شاران دەکرد. لە ڕووی مێژووییەوە: وێنەی ڕووداوەکان تۆماردەکەن و دەبنە تۆمارگای بەسەرهاتەکان، وەک کامێرای ژیان مێژوو بۆ داهاتوو دەگێڕێتەوە. ((ئێستاش ئەگەر مێژوونووسێک بیهەوێ لە بارەی شۆڕشی دمدم شتێک بنووسێ و هۆی بەرزبوونەوەی دەنگی ڕزگاریخوازیی کوردی لەو چاخەدا بۆ دەرکەوێ، بەبێ گەڕانەوە و کەلک لێوەرگرتن لەو بەرهەمە پیرۆزەی کە باو و باپیرانمان لە ڕێی دەنگبێژان و بەیتکەرانی خاوەن هەستەوە پشاوپشت پێیان گەیاندووین و بۆیان بەجێ هێشتووین، ناتوانێ بگاتە ئەنجامێکی ئەوتۆ کە زانستی مێژوویی و دۆخی مێژوونووسین لێی چاوەڕوان دەکا. )) (کەریم، ٢٠١٠، ٣٣) لەڕووی ئاینییەوە: هەندێ لەو بەیتانەی بە ناوەرۆک باس لە ئاییني ئیسلام دەکەن، وەک قوتابخانەیەکی ئایینی بۆ موسڵمانان گرنگی هەبوو لە ڕابردوودا، بۆ نمونە یەکێ لە بەیتە ئایینیەکان (بەیتی سیسەبان)بوو، کە ((لە ناو مێژووی ئەدەبیات و فۆلکلۆری کوردیدا ئەم بەیتە ناوبانگێکی زۆری هەیە، بەتایبەتی لە ناو کۆمەڵێ فەقێ و مەلایانی کوردیدا لەناو حوجرە و خانەقاکان و گوند و پێدەشتەکانی کوردستاندا بە ناوبانگە. بەتایبەتی سەردەمانێک پێش دروستبوونی قوتابخانە و هەتا ئەو سەردەمەی کە حوجرە و خوێندنی ئایینی بەرەو کزی بووە.)) (خۆشناو، ٢٠١٣، ٣ ) هەموو ئەمانە سوودی ئایینی بۆ میللەتی کورد و توێژەرانی ئەم بوارە

هەیە. بە بەیت لە شەوانی مەولود و لە هەندێ یاد و بۆنەی ئایینی، جۆش و خرۆشی ئامادەبووانی بۆنە ئایینییەکان گەرمتر کراوە و سەرەنجیان بۆ دەقەکانی قورئانی پیرۆز ڕاکێشاوە. لەڕووی کۆمەڵناسی: سوودی کۆمەڵەوە گرینگی و بایەخی گەورەی هەیە بۆ تاک و کۆی میللەتی کورد، وەک ڕێگا و شێوازێک وان بۆ شێوەی بیرکردنەوە و جیهانبینینی کورد و شێوازی ڕوانین لە ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و مەراسیمە کۆمەڵایەتییەکان، چۆنیەتی ڕوانینە نیشتیمان هەر لە خیزان و گوند و شار و وڵات. دیوەخانەکان گەرم بوون بەتایبەتی لە موکریان. هەر ئاغا و دەوڵەمەندێکی ناوچەکە هەوڵی دەدا گرینگی بە دیوەخانەکەی بدات بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی لەدەوری یەکتری (( لە ناوچەی موکریان هەر ئاغایەک، کۆنە دیوەخانیک، قوڵە بارگینێک، کەچە زینێک، پیرە تاژییێکی هەبووایە، خۆشخوانێکی ڕادەگرت، کە شەوان لە دیوەخان بەیت و باوی بۆ بڵێ، لە وەختی نووستندا حکایەتی بۆ بکا، لە شاییدا داوەت و ڕەشبەڵەکی بۆ بگێڕێ، لە ڕاودا پاییزە و ئازیزەی بۆ بڵێ، فڕان باوێتە دوژمنی و بەندان بە دۆستی هەڵبڵێ و تەنانەت لە پاش مردنیشی شینی بۆ بگێڕێ))(ئۆسکارمان، ٢٠٠٦ ، ٩) لەڕووی کەلەپوور و سیما دیارەکانی نەتەوەی کورد: گەوهەری گرنگی ژیانی باپیرانمانن و نیشانی ئێمەی دەدەن، بەیتی کوردی داب و نەریتی لەمێژینەی میللەتی کوردە، هەزاران وێنەی ژیانی تیرە و هۆز و بەرەبابی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی بە بەیت نیشانداوین، بەیتبێژان لە باسی جلی کوردی و خواردنی کوردی و بۆنە کوردییەکان و هەموو ئەو بوارانەی تر، کە تاکی کورد و کۆمەڵگای کوردی لە کۆنەوەی هەیبووە (( کاتێک باسی بەیت دێتە گۆڕێ، خێرا دیمەنی کوردێکی سەر و ڕووخۆش، لە نێوەچوو، ڕەزاسوک و دڵتەڕی دێهاتیت بە زەیندا دێ، کە پێچی

هێنـاوەتە سـەر برۆیـان، دەسـتێکی لە بنـانگوێی نـاوە و بەوەی دیـکە تەسبیحە سەد دەنکەکەی هەڵدەخلێنێ، دەنگی لێ هەڵێناوە و لە چەشنی خاسەکەوی سەر دوند، سۆزی دەروونی لە کوڵی دەکاتە پشکۆی وشـە دەیـداتە دەرێ))(بەحـری، ٢٠٠٠، ٣) لە ڕووی ئەدەبیـیەوە : دنیـایێکە لە ئیستاتیکای وێنە و مۆسیقا و جۆرەکانی تری جوانکاری دەقی بەیت، دەکرێـت سـوودی لـێ وەرگـرین، هەمـوو لە دەقە بەیتەکـان بکـرێنە سـەرچاوەی تـوێژینەوە و کـار لەسـەر کردنـی ئەدیبـان و کەسـانی شـارەزای ئەم بـوارە، لە زانکـۆ و پەیمانگاکانـدا بخـوێنرێن و بکـرێنە بابەت بۆ فێرخوازان و لە ژیانی نەخوێندەوارانیش ڕەنگ بداتەوە. بەیتی کوردی هەمووی پڕن لە وشـە و ڕستەی ڕەسـەنی ئەدەب و هـونەری کـوردی، خـوێنەران و بیسـەرانی دەخـاتە گۆشـەی بیـری کـوردایەتی و زینـدووبوونەوەی کەلەپـوور و ئەدەبـی کـوردی. (( لە بەیتـی کوردیـدا کۆمەڵە ئاوازێکی تایبەت و ڕەسـەن هەن، کە بـوونەتە ملوانکە و لە ملـی بەیتەکانەوە ئاڵاون )) (کەریم، ١٩٨٢،٤٠-٤٧) نووسـەر بـابەتێکی گرینگـی ئەدەبـی ڕوونکـردۆتەوە، ئەویـش بـابەتی مۆسـیقای ئەدەبییە. لە ڕووی فەلسـەفییەوە: فێرگەیەکـی هەڵگـری بیـری فەلسـەفەن، دانـانی هێمـا و لێکچوواندنی ئاژەڵان بە سیفاتی مرۆڤ و دانـانی کۆمەڵێک واتـای بەرز و بەهێـز لەنـاو ڕسـتەی سـادە و وشـەی ناسـک و کـاریگەر. دروسـت کردنـی هێمـا فەلسـەفییەکان لە بەیتەکانیـدا، سـوودی زۆر گرینگـی بـۆ میللەتی کورد هەیە، بە تێگەیشتنی زیاتر لە ڕاستییەکان و شتانی جوان، ڕاسکردنەوەی هەڵە و کەموکوڕییەکان (( ئەگەر ئەم هەموو لێکچوواندن و بەراورد و وشـە خواسـتراوانەی نێـوانی کیسـەڵی ڕاسـتی وبێگـانە پەرسـتانی کـوردان، بخەیـنە بەر ڕوونـاکی چـرای لێکـۆڵینەوە و لێیـان وردبینـەوە، ئەوە عەلیـیە کـوێرەی بەردەشـانیمان وەکـو مامۆسـتایەکی زیرەک و هۆشیار دێتە بەرچاوان، کە چەند ساڵێک وانەی ڕەوانبێژی لە

حوجرەکانی "نالی "دا خوێندبێت و پلەی باڵا لەسەر دەستی مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی میکائیلی بڕوانامەی وەرگرتبێت )) (حەمەد ئەمین، ۲۰۰٦، ۱۹۷)

**تەوەرەی سێیەم: هەندێ لەو هەوڵانەی بۆ کۆکردنەوەی بەیتی کوردی دراون:**

لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستان، هەر لە باکووری کوردستان و ڕۆژهەڵات و باکوور و لە ئەرمەنستاندا لەلای کەسانی ئەدەبدۆست و کەسانی ئەکادیمی، چ کەسانی کورد و یان کەسانی بیانی زۆرجار هەوڵی کۆکردنەوەی بەیتی کوردی دراوە و شوێن پەنجەی هەندێکیان دیارە لەم بوارەدا و سوودی بۆ توێژەران و خوێنەرانی بەیت هەبووە. لەلای یەکێ لە بیانییەکان، کە هەوڵی کۆکردنەوەی بەیتی داوە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا(ئۆسکارمان)ە، (قادر فەتاحی قازی) شان بەشانی (عوبەیدوڵڵا ئەیووبییان) و (شارۆخی) کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر کۆکردنەوەی بەیتی کوردی، لە ئەرمەنستانیش (ئۆردیخانێ جەلیل۱۹۲۳-۲۰۰۷ ) و (جەلیلێ جەلیل۱۹۳٦) و (حەجی جندی) لە (یەریڤان) کاریان بۆ کۆکردنەوەی بەیت و بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان کردووە. ((لە ساڵەکانی ۱۹۰۳ – ۱۹۰٤دا بۆ یەکەم جار لە لایەن (ئۆسکارمان)ی ئەڵمانی لە کوردستانی ئێراندا، دەستپێکراوە هەتا ساڵی ۱۹٦۰ تاک و تەرا چەند حەولێکیتر بەجیا بۆ کۆکردنەوەی دەقی بەیتی کوردی دراوە، بۆ وێنە (حاجی جندی۱۹۰۸-۱۹۹۰) و ( ئەمینی ئەڤدال۱۹۰٦-۱۹٦٤) کتێبێکی (٦٦٤) لاپەڕەییان لە یەکێتی سۆڤیەت لە چاپدراوە، کە داگری هێندێک دەقی فۆلکلۆری بووە، (کوردی و مەریوانی) کتێبێکی (۷٦۹) لاپەڕەییان بەناوی (گۆرانی) لە بەغدا بڵاوکردۆتەوە، کە لە خۆگری چەند بابەتی فۆلکلۆری بووە. لە ساڵی ۱۹٥٦ (عوبەیدوڵڵا ئەیوبیان) بۆ یەکەم جار چریکەی ( خەج و

سیامەند)ی بڵاوکردۆتەوە، لەساڵی ١٩٦٠ بەولاوە بڵاوکردنەوەی بەیت ڕەوتێکی خێراتری بە خۆوە گرتووە، (قادر فەتاحی قازی) حەوت بەیتی بە شێوەی کتێب بڵاوکردەوە، کە دوامینیان بەیتی (لاس و خەزال)ە، کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا بڵاوبۆتەوە)) (زادە، ١٣٦٣، ٥) یەکێکی تر لە دەقە کۆنەکانی بەیتی کوردی، ئەویش بەیتی (زەمبیل فرۆش)ە، (د. ئیدریس عەبدوڵڵا) لە کتێبی (ڕەنگدانەوەی " زەمبیل فرۆش" لە ئەدەبی میللی کوردیدا) باسی کۆنترین و گرینگترین ئەو دەقەی کردووە، کە لەبەردەستیدایە و دەڵێت : (( بە گوێرەی دەقە تۆمارکراوەکانی بەردەست کۆنترین و گرینگترین تۆمارکەری ئەو سەربردەیە ( فەقێی تەیران) و ( موڕادخانی بایازیدی)ن، کە یەکەمیان لە دەوروبەری هەزار و چلی هیجری تۆماری کردووە و کەوتۆتە سەر زاران، دووەمیشیان لە ساڵی (١١٩٠) هیجرییە...)) (مستەفا، ٢٠٠٩، ١٧) ئەو کارانەی کراون بۆ کۆکردنەوەی بەیتی کوردی تێکەڵەیەکی زۆری هەیە لەنێوان داستان و بەیت، بەیت و چیرۆکیش، زۆرجار نووسەرەکانیش لەگواستنەوەی ئەم هەڵانە هەمان هەڵە گواستراوەتەوە. (( مامۆستا محمد تۆفیق وردی(١٩٢٣-١٩٧٢) لە ساڵی ١٩٦١ بەشی یەکەمی بەشیوەی سۆرانی بەناوی ( فۆلکلۆری کوردی) بە چاپ گەیاند. نووسەر لەم کتێبەدا گەلێ بەیتی مێژوویی نووسیوە، وەک : (بەیتی شەریف، کانەبی، ئایشەگول، باپیر ئاغای مەنگور)، تۆمارکرد، بەڵام لە بەشی دووەم کە هەر لە هەمان ساڵدا چاپی کرد بە ناونیشانی (فۆلکلۆری کوردی – بەیتی ئەورەحمان پاشای بەبە) لەم بەشەدا کە قەوارەیەکی زۆری ئەو کتێبەی گرتۆتەوە، بەیتەکانی عەلی بەردەشانییە...)) (ئیبراهیم، ١٩٨٤،٩٠)

## تەوەرەی چوارەم : بەیتخوێن و دیوەخان:

أ- خۆشخوان و حەیرانبێژ و لاوکبێژان و دەنگخۆشان ، لەلای ئاغا و میر و پاشا و مەلایان، لە مەجلیس و کۆڕ و کۆبوونەوە و

دیوەخـان و مـزگەوت و خانەقـا و نـاو ڕەشـماڵ و سەرشـاخ و بـن سێبەری پیرەداران و کانی و دۆڵ و دەشت، بە دەنگە خۆش و شێواز سەرنجڕاکێشـەکانیان، کەسـانی گەنـج و پیـر و دەوڵەمەنـد و هەژار و نەخوێندەوار و خوێندەوار و نەخۆش و تەندروست و گوندی و شاری و کـچ و کـوڕ، لە دەورەی خۆیـان گـوێ لە دەنگەکانیـان دەگـرن و ئـاوەدانی دەبەخشـن، بەیتبێژان بەدەنگێکی شـاد، یـان بەدەنگێکی پڕ لە خەم لە دیوەخاناندا بەیتیان بۆ خەڵکی دێ و شاران دەگوت.

ب- میللەتـی کـورد بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـە و کۆبـوونەوە بـۆ خۆشـی دەربـڕین و بەسـەربردنی شـەوانی دوورودرێـژی زسـتانان، لە مـاڵی کەسـانی دیـاری نـاو کـۆمەڵگەی کـوردی کۆدەبـوونەوە. (پ. أ. مەولـود ئیبـراهیم حەسـەن) لەبـارەی وشـەی (دیوەخـان)دا، دەڵێـت: ((دیوەخـان: لە وشـەی (دیـو + ە + خـان) پێکهـاتووە، بەم جـۆرەی خـوارەوە: دیـو = واتە ژوور، لا...دیـو = نانـدین، لێرەدا (دیـو) بـووە بە (دیـن – نانـدین = دیـوی ژووری خـان، لای خـان/ چێشـتلێنان، نانخواردن)، خـان = ئاغـا، شێخ، پیاوماقووڵ، سـەرۆک هـۆز. دیوەخـان: واتە ئەو ژوورەی، کە تایبەتە بە خان و گەورەترە لە ژوورەکانی تری ماڵ و تایبەتە بە میوان، کۆبوونەوەی خەڵکی گوند، کە شـەوان بـۆ کات بەسـەربردن، یـان شـایی و شـین و چارەسـەرکردنی کێشـە کۆمەڵایەتییەکـان)). دیوەخـان یەکـێ بـووە لە گەورەمـاڵانی دانیشـتوانی گونـد و شـار و پیـاوانی ئـایینی و پیـاوانی میـری و پیـاوانی بازرگـان و خودا پێداوان و پیاوانی ناسـراوی نـاو کۆمەڵگا و کەسـانی کۆمەڵایەتی ئەوانەی بەردەوام حەزیان لەوەبووە، کە مـاڵ و دیوەخانەکانیـان پڕبێت لە میـوان و دۆسـت و ناسـراوان و خزمـان و ڕێبـواران. (( "حـاجی حوسـێنی دەشـتێوی" گێـڕایەوە گـوتی : سـێ شـایەر بـوون، " حەمە و وەتمـان و عەلیـیە کـوێری بەردەشـانی" شـار بە شـار و دێ بە دێ

دەگەڕان و بــۆ داوەتانیــان دەبــردن)). (حەمەدئەمــین، ٢٠٠٦، ٣٨) ئەو بەیتبێژانە جگە لە کاری بەیتبێژی، شاگرد و فێرخوازیشیان هەبوون و فێری بەیتیان دەکردن ((کەریم مل خوار بەیتبێژی نێو بەدەرەوەی ئەو سەر دەم بوو. کارەحمـان پێشنیاری پێکرد کە بەیتی (مەم و زین) و (سەیدەوان)م فێرکا، لەبری ئەو هەرچی لەماڵی دونیایە بیهەوێ دابینـی کـا. لە پاشــان خۆشــخوانی بـرایم ئاغـای (قـۆیتەڵ)ێ بـووم. کـورتە مـاوەیەک بۆ میـوانی لای (خانـانی هەرمێلـێ )کوری سـەیفەدین خـانی سـەقز بـووم، زۆری تکاو رجـا کـرد لای بمێنمەوە. مـن تەنیا کەسـێک بـووم )وەک نـامەحرەم ئیزنم هەبوو بچمە (ئەندەروون)ی ئاغاو قامیان بــۆ بڵــێم)) (وەلیــانی، ١٣٨٣، ٢٦ ) .بەیتبێــژان، یــان ئەوانەی بەیتیــان لەبەربــووە، وەک میراتیــک بــۆ کەســانیان هێشــتۆتەوە، بەیتبێــژان لە دیوەخانـان جێی ڕێزبوون، چونکە بەزێری بەیت دڵخۆش و کامەران دەبــوون ((خۆشــخوان لە مەجلیســی گەوران و دیوانــان و ســەرا و خــانووی حوکمــداران دا بە احتــرام و لەپــێش و زۆر لە ڕوودابــوون، ئیعتبــارێکی تەواویــان دەکـردن)) (موکریـانی، ١٩٢٥، ٣٦) بەردەشــانیش یەکێک لە بەیتبێژەکانی جێی ڕێزی پاشای بابان بوو(( وەکو بیستوان لە بیســتوانیان بیســتووە و گێڕاویــانەتەوە و دەمــاودەم هــاتووە، دەڵــێن : ڕۆژێکی " ڕەحمـان پاشـای بابـان" لە دیـوانی خـۆی دانیشـتبوو، کەمێک بێزاربـوو، لەو دەمەیدا "عەلـی بەردەشـانی" وەژوور دەکەوێ و سـڵاوی خۆی لە دانیشتان دەکات و جێی خۆی لە دیوانێ دەگرێ و دادەنیشـێ، پاشا بەخێرهاتنێ عەلی دەکات و پێی دەڵێت : عەلی شتێکی خۆشـم بۆ بڵێ، بەڵام نەم بیستبێ)) (حەمەدئەمین، ٢٠٠٦، ٥٥).

## بەشی سێیەم :

## مۆسیقا وەک هونەرێکی شیعریی لە بەیتەکانی ( عەلی بەردەشانی)دا:

بەر لە دەستنیشانکردنی مۆسیقا لە بەیتەکانی بەردەشانیدا، کاریگەری بەردەشانی و باس و ناوەرۆکی بەیتەکانی دەخەینەڕوو. (حاجی قادری کۆیی) دەڵێت:

**دوو عەلین شاعیرن وەکوو حەسان**
**بەردەشان و حەریرە مەسکەنیان**

(میران و شارەزا،٢٢٤،١٣٩٠)

حاجی قادر لە باسی هەردوو شاعیر (عەلی بەردەشانی و عەلی حەریری)دا، بە جۆرێک ستاییشیان دەکات، کە بە (حەسانی کوڕی سابت)یان دەچووێنێت، کە شاعیری (پێغەمبەر)بوو. بەردەشانی لە هەموو ڕووەکانی ژیان و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی سەردەمی خۆی و ئەوەی کە لە پیرەمێرد و شارەزا و قسەزانان لە دیوەخانی شار و گوندانەوە گوێی لێ بووە، خستوونیەتە سەر زارانەوە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان بە بەیت پێشکەشی کردوون. (( عەلی هیچ شتێک نییە، کە هەڵبەستی بەسەردا هەڵ نەدابێت: ( یار، دێ، کەروگا، جنۆکە، پیاز، شمشێر و چەکی شەڕ، کیسەڵ، ...لە هەڵبەستی حەماسی میللی – شەڕ و جەنگ کەم کەس وەکو عەلی بەتوانا بوو)) (وردی، ١٩٧٢، ٦)

**تەوەرەی یەکەم: مۆسیقای دەرەوە لە بەیتەکانی (عەلی بەردەشانیدا).**

**یەکەم: کێش**: بەردەشانی بەیتەکانی بەکێشی خۆماڵی گوتووە، هەر وەک بەیتبێژەکانی تری کوردی. ژمارەی ئەو کێشانەی کە (عەلی بەردەشانی) لە بەیتەکانی دا، بەکاری هێناوە، جۆراوجۆرن، (عەلی

بەردەشـانی) زۆربەی کێشـە بڕگەییەکـانی لە بەیتەکانـدا بەکارهێنـاوە، واتە هەر لە کێشـی چـوار بڕگەیـی، تـا دەگـاتە کێشـی چـواردە بڕگەیـی. هەنـدێک لە دێـڕە بەیتەکـانی لەنێـوان نیـوەی یەکەمـی دێـڕەکە و نیـوەی دووەمی هەمان دێڕ بە هەمان ژمارەی بڕگەی بەکارهێناوە، واتە ئەگەر نیوەی یەکەمـی دێڕەکە کێشـی حەوت بـڕگە بێت، ئەوا نیوەی دووەمـی بەهەمان شـێوە کێشـی حەوت بـڕگەیە. هەر لە کۆنەوە شـاعیرانی کورد شـیعرەکانیان بەم کێشـە دارشـتووە، ژمـارەی بڕگەکانی هەر وشـەیەکی نـاو نیـوە دێـڕەکە بە پێـی ژمـارەی بڕگەکـانی دەژمێردرێـت، بڕگەکـان کورت بن، یان بڕگەی درێژ بن. هەموو دێڕە شیعرەکان ژمارەیان وەک یەک بێت، یان لەڕووی ژمارەی بڕگەکان جیاواز بن، لە هەندێ بەیتیشدا ژمـارەی بڕگەکـانی دێڕەکـان لە زۆربەی هەرە زۆری دێڕەکـان یـان لەتەواوی بەیتەکە وەک یەکە.

لە هەندێ دێریشـدا تێکەڵاوییەک لە بەکارهێنـانی ژمـارەی بڕگەکـان بەرچـاو دەکەوێت، ئەو جیـاوازیەش کە بە بـڕگەیەک، یـان دوو بـڕگەیە، ئەگەر هەبێت دەشـێت بەهـۆی، گواسـتنەوە لەسـەر زاران و کەسـانی تـر بێـت، واتە بەردەشــانی بەتەواوی گوتبێـت، بەڵام بـڕگەیەک یــان دوو بـڕگەی بـۆ کەم یـا زیـاد کرابێـت. لە هەنـدێ بەیـت زۆربەی ژمـارە جیاوازەکـانی بـڕگەی بەیتەکـانی پـێ گوتـووە، وەک بەیتەکـانە : (بەیتـی پیوازان) زۆربەی هەرە زۆری بە کێشی هەشت بڕگە گوتووە بەڵام دێڕ و نیوە دێڕی کێشی هەشت بڕگەیی و و کێشی نۆ بڕگەیشی گوتووە.

بەیتی (ناز و خدر واتە شـەڕێ مـام و برازا)ی بەشـی هەرە زۆری لەسـەر کێشـی حەوت بـڕگە گوتـووە، بەڵام هەنـدێک دێـڕ و نیـوە دێـڕی کێشی هەشت بڕگەیی دەبینرێت .هەڵبەسـتی (دەچـمە بەر بێلایە) بەشـی زۆری بە کێشی حەوت بڕگەیی و کێشی هەشت بڕگەیی گوتـووە، بەڵام دێڕێکی کێشی نۆ بڕگەیی و دوو دێڕی کێشـی دە بـڕگەیش هەن. بەیتـی

(کاروانی مەرگەی) تێکەڵەیەکە لە نیودێڕە کێشی شەش بڕگەیی و دوو دێڕی کێشی حەوت بڕگەیی و دێڕێکی کێشی نۆ بڕگەیی و دێڕێکی کێشی دە بڕگەیی و ئەوەی تر هەمووی بەکێشە هەشت بڕگەییەکانن، بەیتی ( چوار وەخت) دێڕی سەرەتا کێشی دە بڕگە و ئەوەی تر هەمووی کێشی چواردە بڕگەین، جگە لە پێش دێڕێکی کۆتایی چەند دێڕێکی کێشی حەوت بڕگەیی هەن.

بەیتی (شاییە دۆڵەبیە) بەشی هەرە زۆری بەشی سەرەتای بەکێشی حەوت بڕگەیی گوتووە و بەشی زۆریشی لە بەشێکی تر بەکێشی هەشت بڕگەیی گوتووە. بەیتی (باپیر ئاغای مەنگوڕ) بەکێشی حەوت بڕگەیی گوتووە، بەڵام لە پازدە نیوە دێڕی بەکێشی هەشت بڕگەیی و لە چوار نیوە دێڕی بەکێشی دە بڕگە و لە نیوە دێڕیک بەکێشی شەش بڕگە و لە نیوە دێڕێک کێشی نۆ بڕگەیی بەکارهێناوە. لە هەندێ بەیتیش تەنها یەک ژمارەی بڕگەی بەکارهێناوە وەک بەیتی (شیعری هەناران) هەمووی بەکێشی حەوت بڕگەیی گوتووە. هەرسێ بەیتی بەیتی ( چیخ و ڕەشماڵی چادر) و (هانا) و بەیت (جووتێک کەوشی ڕەش) هەموودێڕەکانیان بەکێشی حەوت بڕگەیی گوتراون. هەر شەش بەیتی (تالآنێ بەردەشانی) و بەیتی ( ڕاوێ پاشای) و بەیت (عەلی و کیژۆڵەی شوانی بەرخان) و (بەیتێ داران) و بەیتی ( عەلی و زەریە بەرنانی) و (شاییە ئەجندان)هەمووی بەکێشی هەشت بڕگەیی گوتراون. بەیتی (تفەنگێ) لە نۆ نیوە دێڕی یەکەم بەکێشی هەشت بڕگەیی گوتوە، بەڵام ئەوەی تر بەکێشی دە بڕگەیی گوتوە. بەیتی (کیسەڵێ) هەمووی بەکێشی حەوت بڕگەیی گوتوە، بەڵام لە سێ نیوەدێڕدا بەکێشی هەشت بڕگەیی گوتوە. بەیتی (ئەوڕەحمان پاشای بابان) هەمووی بەکێشی حەوت بڕگەیی و هەشت بڕگەیی گوتوە، بەڵام دوو نیوە دێڕی بەکێشی شەش بڕگەیی و دوو نیوە دێڕی بەکێشی نۆ

بڕگەیی و یەک نیوە دێڕی بەکێشی دەیی هەیە. بەیتی (خەزێم)ی بەکێشی دە بڕگەیی گوتووە، بەڵام لە سێ نیوە دێڕدا بەکێشی نۆ بڕگەیی گوتوە.

بەیتی ( عەلی بەردەشانی و مەستان) هەمووی بەکێشی هەشت بڕگەیی گوتووە، تەنیا یەک دێڕی بە کێشی دە بڕگەیی گوتووە.

بەیتی ( فاتە کوێر و ئایشە کوێر) هەمووی بەکێشی حەوت بڕگەیی گوتوە، تەنیا نیوە دێڕێکی بەکێشی شەش بڕگەیی گوتوە. بەیتی (ئەمن و عەلی برابووین) هەمووی بەکێشی چواردە بڕگەیی گوتوە. (کێشی پەنجە، یان کێشی بڕگە، یان کێشی هیجا) (( بۆ خۆی کێشێکی ڕەسەنە و بنکەی پێکهێنانی ئاوازی هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردییە)) (عەلی، ١٩٩٨، ١٣٦) ، وەک لەم نمونەی خوارەوە هەردوو کێشی چوار بڕگەیی و کێشی پێنج بڕگەیی تێکەڵ کردووە:

**دە / با / تەنگ / بێ** ٤ بڕگە

**ناس / ک و / شلک / بێ** ٤بڕگە

**بۆ / چاو / هە / لۆ / یە** ٥ بڕگە ل ١٨٧

کێشی شەش بڕگەیی : لە شەش نیوە دێڕی لە یەکتری جیاوازدا، دێڕی شەش بڕگەیی هەیە، بەزۆری ئەم شەش بڕگەیانە لە لەتێک هاتوون لەگەڵ لەتێکی حەوت بڕگەیی، وەک ئەم نمونەی خوارەوە، لەتی یەکەم حەوت بڕگە و لەتی دووەم شەش بڕگەیە.

**بە / عەق / لم / ڕا / چە /نا / نە** ٧بڕگە

**مەق / سوود / یان / گۆ/ را / نە** ٦بڕگە ل١٥٤

کێشی (٧) بڕگەیی: بەشێکی فراوانی بەیتەکانی بەردەشانی دەگرێتەوە، یەکێکە لەو ژمارە برگانەی کە بەردەشانە بەشێکی هەرە زۆری بەو ژمارە بڕگەیە گوتووە. ئەم ژمارەی بڕگەیە خۆی لە شیعری کوردی ئەوانەی بەکێشی خۆماڵی دەنووسرێن، ڕێژەیەکی زۆر بە

کێشــی حەوت بــڕگە دەنووسرێت((کێشــێکی خێــرایە و لە فۆلکلــۆری کوردیــدا دوای کێشــی هەشــت بڕگەیــی دێــت)) (ئەحــمەد، ٢٠٠٩، ٧٢) بەردەشـانی لە بەشـێکی بەیتی(عەلـی بەردەشـانی) لە بەشـێکی ( شـاییە دۆڵەبــیە)دا، وەک لەم دوو دێــڕە هەمــووی حەوت بــڕگەیە. لەبەیتــی (باپیراغای مەنگوڕ)دا، دەڵێت:

**بە / سێ / ڕەخ/ تی/ دە / زەر / دا** ٧بڕگە

**کا / کە / ڕە/ شی/ نا / مەر / دە** ٧بڕگە

**ها / تە / خوا / رێ / لە / سەر / دا** ٧بڕگە

**ئی / ما / نی/ بە/ هە / دەر / دا** ٧بڕگە لا١٥٨

کێشی هەشت بڕگە: شـاعیرانی کورد لەدوای حەوت بڕگە، هەشـت بـڕگەش زۆر لە شـیعری بـڕگەی خۆمـاڵی نووسـراوە، بەردەشـانیش لە بەیتەکـانی ڕێژەیەکـی زۆری بەیتەکـانی بە هەشــت بــڕگە گوتــووە. لە بەشێکی بەیتی ( ڕاوێ پاشای)دا، دەڵێت:

تا / ق و / تەن / یا /، تەن / یا / ئە / وە ٨بڕگە

با / ب و / پ / دەر/، پش / ت و/ نە / وە ٨بڕگە ل ١١٥ – ١١٦

**دووەم: سەروا:** سەرواش شانبەشانی کێش دەوری سەرەکی هەیە لە بنیاتنــانی مۆســیقای دەرەوەی شــیعرو هەردووکیــان بەیەکەوە ئەم مۆسیقایە پێک دێنن. بەهێزی و کاریگەری و تۆکمەیی لە سـەروا دەبێتە هۆی بەهێزی و تـۆکمەیی و کـاریگەری مۆسـیقا. گرنگیدان بەسـەروا لە ســەردەمێکەوە بــۆ ســەردەمێکەوە و لە زمــانێکەوە بــۆ زمــانێکی تــر گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە. سەروا خۆی لە دووبارەکردنەوەی دەنگێک، یـان چەند دەنگێک دەبینێتەوە لە کۆتـایی دێڕەکـان و خـوێنەر و بیسـەر هەست بەم دووبارەکردنەوەیە دەکەن ((سەروا هەماهەنگییەکی دەنگییە، لە کۆتــایی دێڕەکانــدا، یــان نیوەدێڕەکــان دووبــارە دەبێــتەوە، ئەم دووبـارەبوونەوەیە پایەیەکی گرنگـی ئیقـاعی شـیعرییە، وەکو فاصـیلەی

مۆسیقا وەهایە، کە دووبارە دەبێتەوە، کار لە وەرگر دەکات و هەستێکی قووڵی بەرامبەر بە ئیقاعی شیعر بۆ دروستدەکات)) (یوسف، ٢٠٠٥، ٣)

ئەوجۆرە سەروایانەی، کە بەردەشانی بەکاری هێناون ئەمانەن:

١- جووت سەروا (سەروای مەسنەوی): ئەو جۆرە دەقە شیعرانە دەگرێتەوە، کە بۆ هەر دێرێک جۆرێک لە سەروای تایبەت بەخۆی بێت و جیاواز بێت لە دێری پێش، یان دێری پاش خۆی (( کە هەر هۆنراوەیەک بە تەنها ، دوایی هەردوو نیوە هۆنراوەکەی یەک سەروای هەبێ)) (سجادی، ١٩٦٧، ١٦٧) بەردەشانی لە بەیتی (ئەورەحمان پاشای بابان) دەڵێت:

**کە فرسەت هات قەت نەیبوێری**
**مەرد هەر خۆی بە خوای دەسپێری**
**هەر خوایە ساحێب سوورە**
**وەدەست کەوت بەبێ قرە** ل٢٢٥

لە دێری یەکەمدا هەردوو وشەی (نەیبوێری، دەسپێری ) لەرووی سەرواوە سەروایان وەک یەکە، لە دێری دووەمیش هەردوو وشەی (سوورە ، قرە ) سەروایان وەک یەکە. بەمەش سەروای مەسنەوی ، جووت سەروا دروست بووە و بەشدارن لە دروستکردنی مۆسیقای دەرەوەی بەیتەکە. بەم شێوەیە لە دێرەکانی دواتر وشەکانی (برا ، درا ) و (کورە، چرە ) و (سەڵاوات ، هاتەهات )هەر دێرێک یەک سەروای سەربەخۆیان هەیە.

٢- یەکیەتی سەروا : ئەم جۆرە سەروایەیە، کە هەموو نیوە دێرەکان یەک سەروایان هەبێت، واتە سەروای دێری یەکەم دەبێتە بنچینە بۆ دێرەکانی دوای خۆی (( هەر وەک ئەو سیستەمەی لە سەروای کلاسیکیدا بەکار داهات،، کە هەردوو لەتی دێری یەکەم و دوا

لەتی هەموو دێڕەکانی تری شیعرەکە یەک سەروایان هەیە،، بەم جۆرە : ( ا ا ب ا ج ا ...، بەڵام شێوەی بەکارهێنانی لە شیعری ئەم ماوەیەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، مەرج نییە هەموو شیعرەکە یەک سەروای هەبێ...)) (حسێن، ٢٠٠٨،١٩١)

**هانایەت وەبەر دەبەم**
**یا موحەممەدی مەدینێ**
**فەسڵێک یارم ڕادەبرد**
**دەچوو بۆ گوڵ چینێ** ل ١٣٣

لەم بەیتەی بەناوی (هانا) شاعیر سەروای یەکگرتووی بەکارهێناوە، واتە بۆ گشت کۆتایی هەر دێڕێک، یەک جۆر سەروا هەیە، وشەکانی سەروا بریتین لە ( مەدینێ، چینێ) لە دێڕەکانی دواتر وشەکانی( کڕینێ، برینێ، یاسینێ) لەم وشانەدا هەر سێ دەنگی (..ینێ) هاوبەشن و یەکیەتی سەروای دروستکردوە. بەمجۆرە مۆسیقای دەرەوەیان دروستکردووە و هەستێکی خۆش بۆ گوێگر و خوێنەر دروستدەکەن

٣- سەروای یەکگرتوو : جۆرێکی تری سەروا، کە شاعیرانی کورد لە شیعرەکانیاندا بەکاردێنن، تەواوی دێڕەکانی دەقە شیعرییەکە یەک جۆر سەروای هەبێت (( دوایی هەموو دێڕە شیعرەکان بەیەک قافیە کۆتاییان دێت)) (خەزنەدار، ١٩٦٢، ٥٨)

**ئەمن و عەلی برابووین، لە ورکەی بەردەشانی**
**وەختێ دێی بۆ داوەتێ، دەرێی گوری باغانی** ل ٦٩

وشەکانی ( بەردەشانی، باغانی) یەک جۆر سەروایان هەیە و لە تەواوی دێڕەکانی دواتر وشەکانی (پانی، لەوانی زەمانی، دەیزانی، بەیانی، کانی، میوانی، ڕانی، مەمکانی، خانی، ئیمانی، بزانی) هەموویان بەیەکەوە یەک سەروایان هەیە، هەموو ئەمانە جوانیان بە بەیتەکە داوە.

- پارچەی گشتی سەروا: بەپێی ژمارەی لەتە دێڕەکان ناو بۆ ئەم جۆرە سەروایە دادەنرێت، ئەگەر تەنها یەک دێڕ بێت و پەیوەندی بە دێڕەکانی تر نەبێت، ئەوا پێی دەڵێن (تاک)، یان ئەگەر سێ لەتە دێڕبوو، ئەوا پێی دەڵێن (سێینە)، یان ئەگەردوو دێڕ بوو و ئەم دوو دێڕە پێکەوەبوو، ئەوا پێی دەڵێن (چوارین) بەم شێوەیە تا دەینە و زیاتر. ((ئەو پارچانە دەگرێتەوە، کە ناوی تایبەتیان بۆ دانەنراوە، بەڵکو بەناوی ژمارەی لەتەکانەوە ناو دەبرێن و هەر یەکە بەپێی سەروای لەتەکانی چەند جۆرێکی هەیە)). (گەردی، ١٩٩٩، ١٩٤) بەردەشانی هەموو پارچەکانی لەو جۆرە سەروایەدا بەکارهێناوە، جگە لە (تاک بەیتی) سەروای شێوەی سێینە و چوارینە و پێنجینەی بەکارهێناوە.

١- سەروای سێینە : لە سێ لەتەدێڕی سەربەخۆ پێکهاتووە، کە پەیوەندی بە لەتەکانی تری دێڕەکانەوە نییە ((سێینە بریتییە لە پارچەیەکی بچووک. لەسێ لەتە دێڕ پێک دێ، دەکەوێتە قالبە سەروای جۆراوجۆرەوە. سێینە دەشێ بەتەنیا بێ و مانای سەربەخۆی هەبێ و دەشێ لەهۆنراوەیەکی پارچەدار بێ، پارچەکانی یەکسان بن یان جیابن)) (گەردی، ١٩٩٩، ١٩٨)

**باپیراغای خاڵ لە ڕوو**

**بە ڕۆژی سێشەموو چوو**

**عامی خەڵکی چوو لە دوو** ل ١٥٣

هەرسێ لەتە دێڕ یەک جۆر سەروایان هەیە، وشەکانی (ڕوو، چوو، دوو) یەک شیوەی سەروایان هەیە و لە دەنگی (وو) کۆکراونەتەوە.

٢-چوارینە: یەکێکە لە هونەرەکانی تری نووسینی دەقی شیعر بە شێوەی چوار نیوە دێڕی، واتە دوو دێڕ، کە لەڕووی سەروا یەک جۆر سەروا تێدا بەکاردێت، یان سەروای جیاوازیان تێدا بەکاردێت. ((چوارینە پارچەیەکی چوار لەتییە کێش و سەروای تایبەتی خۆی هەیە،

پارچەیەکی تەنیایە و مەبەستێکی تایبەتی دەردەبڕێ، وەکو ( سۆفیزم و دڵداری و فەلسەفە و مەی و مەیخانە و پەند و قسەی نەستەق و دانایی و شتی تر..)) (خەزنەدار، ١٩٩٢، ٩-١٨) ئەمەش دوو جۆرە :

ا- چوارینەی تەواو: یەکێکە لە هونەرەکانی تری نووسینی دەقی شیعر بە شێوەی چوار نیوە دێڕی، واتە دوو دێڕ، کە لەڕووی سەروا یەک جۆر سەروا تێدا بەکاردێت.

**زوڵف و هەنیەت تێک چڕژاوە**
**لاولاوە گوڵە گوڵاڵە**
**بۆ عەمرت بە هەدەر داوە**
**خودا هەر کەسێکی دانەناوە** ل ١٠٢

وشەکانی سەروای ئەو چوارینەیە بریتین لە ( چڕژاوە، گوڵاڵە، داوە، دانەناوە) هەموویان یەک سەروایان هەیە، پیتەکانی (..اوە) دەبنە سەروای شیعرەکە، کە پێکهاتوون لە دەنگی (ا) کە پێش ڕەویەیە، دەنگی (و) ڕەویەیە و دەنگی (ە) پاش ڕەویەیە. هەموو وشەکان یەک جۆرن لە دروستکردنی سەروای چوارینەکە، بۆیە پێی دەوترێت سەروای چوارینەی تەواو.

ب- چوارینەی ناتەواو: ئەو دوو دێڕانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندی واتایان بەیەکەوە بەستراوە و تەواوکەری یەکترین، بەڵام لەڕووی شێوەی دروستبوونی سەروا، ئەم شێوازانەی هەیە / AAAB/ AABB/ ABAB/AABA/AAAB/ABBB هەروەها زیاتریش لەم شێوازانە شیعریان پێ نووسراوە. لەم چوارینەی خوارەوە (بەردەشانی) لە بەیتی (باپیراغای مەنگوڕ) چوارینەیەکی لەسەر شێوەی سەروای ( ااا ب ) نووسیوە.

| | | |
|---|---|---|
| **لەولای بێ شێرە خورە** | A | |
| **تۆپیان لێدا بە گورە** | A | |
| **حەوتی لێ بوون بە ورە** | A | |
| **دەنگی لە عەرزی بڕا** | B | ل ١٦٠ |

سەروای ئەم چوارینەیە ( خورە، گورە، بەورە، بڕا) ئەم سێ وشەیە لە دەنگەکانی (...ورە)دا وەک یەکن، بەڵام سەروای نیوەی چوارەم جیاوازە.

**تەوەری دووەم: مۆسیقای ناوەوە لە بەیتەکانی (عەلی بەردەشانی) دا:**

ئەو هونەرانەی ڕەوانبێژی، کە بەشدارن لە دروستکردنی مۆسیقای ناوەوەی، دەوری کاریگەریان هەیە لە بەیتەکانی (بەردەشانی)دا، وەک هونەرەکانی ( دژیەک بە هەر دوو جۆرییەوە، واتە دژیەکی فەرهەنگی و دژیەکی نافەرهەنگی، بەرامبەری، ڕەگەزدۆزی تەواو و ڕەگەزدۆزی ناتەواو بە هەر چوار جۆرە ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا و ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد و ڕەگەزدۆزی ناتەواوی ڕەها و ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێش، هونەری هێنانەوە، دووبارەکردنەوە و جۆرەکانی، جێگۆڕین، هاوکێش، هاوسەر، هاوکێش و هاوسەر، پاتکردنەوە، گێڕانەوە، بوونی پێویست، کۆکردنەوە، لێککردنەوە، ڕاڤە.) بەژدارن لە دروست کردنی مۆسیقای ناوەوەی شیعر.

**١ – دژیەک:** یەکێ لە هونەرەکانی جوانکاری ( دژیەک )ە، بنەمایەکی گرنگە لە جوانی دەقە شیعرییەکان، هێنانی دوو وشە دژ بەیەک بن لە واتا، مەرجی سەرەکییە لە دروستبوونی ئەم هونەرە. ((بریتییە لە کۆکردنەوەی نێوان دوو دژ لە ئاخاوتندا)) (ابولیل، ٢٠٠٦، ٢١٤) بەردەشانی ئەم هونەرەی بەشێوەیەکی کەم لە بەیتەکانیدا بەکارهێناوە، لە بەکارهێنانی وشەی دژیەک زۆر بە شارەزایانە مامەڵەی

کـردووە، شـارەزایی لەو جـۆرە وشـانە هەبـووە، ئەویـش بەهـۆی وتارەکانی مامۆستایانی ئایینی و کۆڕ و دیوەخانە گەرمەکانی کەسانی شارەزا، کە لە زۆر شوێنی کۆمەڵگای کوردەواری بەکاریان هێناون لە قسەکردن.

ا- : دژیەکــی فەرهەنگــی: دوو وشـــە هەر یەکەی لە ڕەگەزێکــی جیاواز هاتبێت و لە واتاش دژ و پێچەوانەی یەکتری بن، واتە بە بێ ئامرازەکانی نەرێ کردن وشەکان لە بنچینەدا لەواتا دا، دژ بەیەکن.

**ڕۆژ و شەوێ دەکەن پەخشان**

**بۆ حاکم و میر و چاوەشان** ل ١١٦

لەم دێـڕەی سـەروە بەردەشـانی دژیەکـی (فەرهەنگـی) لە نێـوان وشـەی ( ڕۆژ) و ( شـەو) بەکارهێنـاوە، چـونکە پـێچەوانەی یەکتـرن لە واتـادا، هەردووکیـان بەیەکەوە بەشـدارن لە دروسـتکردنی مۆسـیقای ناوەوەی بەیتەکە.

ب - : دژیەکی نـافەرهەنگی: دژیەکی نـافەرهەنگی : پێشـی دەڵێن (دژیەکـی نەرێ، یـان دروسـتکراو) دوو وشــەی وەک یەک، واتە یەک ڕەگیان هەبێت، بەڵام بە هۆی ئامرازەکانی نەرێ ( نا – مە – نی – نە) یەکـێ لە دوو وشــەکە نەرێ بکرێـت، بەمەش دەبـنە دوو وشــەی دژ بەیەک لە واتـادا (( دوو وشـە بێنـی یەکێکیـان نەفـی ئەوەی تریـان بێت، واتە وشـــەکان هەر یەکــن ئەوەنـــدە هەیە یەکێکیـــان ئەوزاری نەفـــی نەهێشتنی هاتۆتە سەر)) ( گەردی، ١٩٧٥، ٧٠) واتە وشەیەک لە ڕستەدا بەکاربهێنی، پاشـان بەیارمەتی ئامرازی نەرێ کردنەوە هەمـان وشـەکە پێچەوانەی وشـەی خۆی بکرێتەوە. بەردەشـانی لە بەیتی (ئەورەحمـان پاشای بابان) دا، دەڵێت:

**لە یار و نەیاری دیار بێ**

**هەروەک کوندی دارەودار بێ** ل ٢٣٦

لەم دێڕەدا دژیەکی نافەرهەنگی لەنێوان هەردوو وشەی ( دیار) و (نادیار) هەیە، کە وشەی یەکەم (دیار)ە، دووبارەبۆتەوە و بەهۆی ئامرازی (نا) کراوە بە (نادیار) بەم جۆرە ( دژیەکی نافەرهەنگی ) دروست بووە و جوانییەکی بە دێڕە شیعرەکەدا بەخشیوە.

**٢- بەرامبەری:** هونەرێکی جوانکاری واتاییە، بەوە لە هونەری (دژیەک) جیادەبێتەوە، دەبێت زیاتر لە دوو وشە پێچەوانەی یەکتری بن لە واتادا، مەرجە لە چوار وشە کەمتر نەبێت و وشە دژەکان بەڕیز و بەرامبەری یەکتر بن. (( بەرامبەری وەک دژیەک وایە، یاخود خۆی دژیەکە، ئەوەندە هەیە جۆرە دژیەکێکی تایبەتییە، لە دژیەک تەنیا یەک وشە دێت و دژەکەی بەشوێنەوە دەهێنرێ بەڵام لە بەرامبەری وانییە، بەڵکو لەپێشدا چەند وشەیەک دێنێ ئینجا بەڕێکی یەکە یەکە دژەکانیان دێنێت)) (گەردی، ١٩٧٥، ٧٤) بەردەشانی لە زۆر شوێن لە بەیتەکانیدا هونەری جوانکاری بەرامبەری بەکارهێناوە و لە بەیتی ( ئەوڕەحمان پاشای بابان) دەڵێت :

**نقومبوون چوون بە هیلاک**

**کیژ و کوڕ و باب و داک** ل ٢٢٩

لەم دێڕەدا هونەری (بەرامبەری) لە نێوان هەر چوار ناوی ( کیژ) بەرامبەر بە ناوی ( کوڕ) و ناوی (باب) بەرامبەر ناوی ( داک) دروست بووە، شاعیر توانیویەتی شارەزایانە ئەم هونەرە بڕازێنێتەوە، مۆسیقایەکی جوانی بۆ ناوەوەی شیعرەکە دروست کردووە.

**٣- ڕەگەزدۆزی:** لە عەرەبیدا (الجناس) ی پێدەگوترێت، ڕەگەزدۆزی پێگەی سەرەکی هەیە لە دروستبوونی مۆسیقای ناوەوەی شیعر، کە دەقی شیعری بەهێز و بەچێژ دەکات، وەک هونەرێکی ئەدەبی جوانکاری بە دەقەکە دەبەخشێت. لە ئەدەبی کوردیش لای ( ئەحمەد محەمەد میرزا) بەم شێوەیە پێناسە کراوە (( دوو وشە یان پتر لە

ڕستەیەکدا کە لە ڕووالّەت و ڕوخساردا بە تەواوی یا بەشێکی زۆری لەیەک بچن و ئاوازەکەشیان وەک یەک بێ، بەلاّم لە واتادا وەک یەک نەبن، هەر یەکەیان واتایەکی جیاوازی هەبێ)) (ڕۆستەمی، ٢٠١٢، ٤٣) بۆ دوو جۆر دابەش دەبێت

**ا- ڕەگەزدۆزی تەواو-الجناس التام:** ڕەگەزدۆزی تەواو لەنێوان ئەو وشانەدا دروست دەبێت، کە لە ڕووی شێوەی دروستبوون و ژمارەی پیت و ڕیزی پیت و وەک یەک بن، بەلاّم لەواتادا لە یەکتری جیابن (( ئەو ڕەگەزدۆزییەیە، کە وشەکان لە ڕوالّەت و دەربڕیندا تەواو وەکو یەکبن، بە بێ جیاوازی لە شێوە و ڕیزبوون و ژمارە و جولّەی پیتەکاندا، بەلاّم لەڕووی واتاشەوە هەریەکەیان واتای سەربەخۆی خۆیان هەبێت))(حسین، ٢٠٠٨، ١١٩)

**دەمرم لەبەر بۆنی خۆشی**

**پێکەوەم کرد چاک و خۆشی** ل ٨٨

وشەی ( خۆش) لە کۆتایی هەردوو نیوەدێڕ ڕەگەزدۆزی تەواوی هاوڕەسەنی دروست کردووە، هەردووکیان یەک سەرچاوەیان هەیە، کە هاوەلّناوی چۆنیەتییە، لە نیوەی یەکەم وەک خۆی واتە (هاوەلّناوی چۆنیەتییە) وەسفی جۆری بۆنەکە دەکات، (خۆشی = هاوەلّناوی (خۆش) + جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک (ی)، مەبەست یارەکەیەتی، لە نیوەی دووەمیش بە مانای (خۆشی) دێت، ناوی واتایی دروستکراوە ، بەم جۆرە هاوەلّناوی چۆنیەتی ( خۆش) + پاشگری (ی)، واتە شاعیر باسی خۆشی و ڕابواردن و تێکەلاّوی خۆی دەکات بەرامبەر یارەکەی.

**ب- ڕەگەزدۆزی ناتەواو ( الجناس الناقص:** لەو جۆرە ڕەگەزدۆزییە ئەو وشانەی، کە بەشدارن لە دروست کردنی ئەو ڕەگەزدۆزییە دەبێت جیاوازییەکیان هەبێت چ لە ڕووی ژمارەی

پیتەکـان، یـان چ لە ڕووی ڕیـزی پیتەکـان، یـان چ لە ڕووی جـۆری پیتەکـان جیـاواز بـن. ((ئەوەیە کە ئەو دوو وشــەیە یـان ئەو وشـانەی ڕەگەزدۆزیـیەکە دروسـت دەکەن لە یەکـێ لە ڕووەکـانی وەکـو ڕیـزی پیتەکان، شێوە، جۆر، ژمارەی پیتەکاندا لە یەکدی جیابن)) (الشیخ،٢٠٠٤ ،٥١)

**لە سایەی تۆ ڕیشی بڕا**

**پشتیان شکا، زگیان دڕا** ل ٢٢٥

( بـڕا ) و ( دڕا ) ژمـارەی پیـت و ڕیـزی پیتیـان وەک یەکە، بەڵام جۆری پیتێکیـان جیاوازە، ئەویش هەردوو پیتی (ب) لە وشـەی (بڕا) و پیتی (د) لە وشەی (دڕا) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودان.

**یەکێ ترش و یەکێ تار**

**هەمووی نەخۆش و تادار** ل ١٠٠

هەردوو وشـەی (تـار) و (تـادار) لەو دێڕەدا ڕەگەزدۆزی نـاتەواوی زیادیان دروست کردووە، لە وشـەی (تـادار) هەردوو پیتـی (د،ا) زیـاترە لە وشەی (تار).

**٤_ هێنانەوە: لە عەرەبیدا ( رد العجز على الصدر) یان ( التصدیر) ی پـێ دەڵـێن، لە کـوردیش (هێنـانەوە) و (دوابەســەر)ی پێدەگوترێت،** ئەمەش کاتێک دروست دەبێت کە یەکێ لەو وشانەی دووبارە دەبێتەوە، یا لێکچووە لە کۆتایی دێڕدا هاتبێت و ئەوەی تریش لە پێشیەوە هاتبێت و لەم پێنج شوێنەدا، سەرەتا، ناوەڕاست یان کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم یـا سـەرەتا یـان نـاوەوەی دێڕی دووەم. ئەم هـونەرەش لە شـیعر و لە پەخشـاندا هەیە، بەڵام لە شـیعردا چەنـد جـۆرێکی هەیە و کـاریگەرترە. ((بـریتییە لە بـوونی دوو وشــەی هاوشـێوە، یـان هـاوڕەگەز، یەکیـان لەکۆتایی دێڕەکە دێت، ئەوەی تریشیان دەکەوێتە سەرەتای نیوە دێڕی یەکەم، یـان ناوەڕاسـتی، یـان کۆتـاییەکەی، یـان سـەرەتای نیـوە دێـڕی

دووەم، یـان ناوەڕاسـتەکەی)) (عەبـدوڵلا، ٢٠١٢، ٣٤) وەک ئەم دێـڕەی خوارەوە(نەمـاوم) دووجـار هـاتووە، جارێک لە کۆتـایی نیـوەی یەکەم و جارێــک لە کۆتــایی نیــوەی دووەم وشـــەکەی هێنــاوەتەوە، هــونەری هێنـــانەوەی دروســـتکردووە، بەم شـــێوەیە مۆســـیقای نـــاوەوەی دروستکردووە .

**خاڵە حەمە من نەماوم**

**هێ برا حەمە من نەماوم** ل ٥٢

**٥- دووبـــارەکردنەوە:** دووبـــارەکردنەوە هەمـــوو کەرســـتەکانی نووسین و خوێندنەوە دەگرێتەوە، هەر لە دەنگ و ئامراز و وشە وگرێ و ڕستە و لەتەدێڕیش (( لە بچوکترین پێکهاتەی دەنگ دەستپێدەکات بۆ گەورەتـرین کەرسـتە کە ڕسـتەیە)) (ئەحـمەد ، ٢٠٠٩، ٨٣) لەم دێـڕەدا دەنگی پیتـی بزوێنـی کـورتی (ە) حەوت جـار لە سـنووری پێنج وشـەدا دووبارە بۆتەوە. دەنگی (ی) شەش جار لە سنووری پێنج وشە دووبارە بـۆتەوە. دەنگـی (س)یش لە سنووری پێنج وشـەدا، پێنج جـار دووبـارە بـــۆتەوە. دەنگـــی (ن)یـــش چوارجـــار لە ســـنووری دوو وشـــەدا، دووبارەبۆتەوە.

**دەستەی حەسەن خەلەکانی**

**سمێڵ سووری سنەییانی** ل١٢٣

**٦ - جێگۆڕین:** هونەرێکی جوانکاری وشەییە، کە قسـەکەر قسـەیەک دەکات، دوایش جێگۆڕکێیان پێدەکات، گۆڕینی جێی وشە، یان گرێ، یان ڕسـتە لە سـنووری دێڕێکدا، واتە سـەرەتا دوو وشـە، یـان گـرێ، یـان ڕستە بێنیت و پاشان هەمان وشە وگرێ و ڕسـتە دووبـارە بکەیـتەوە و جێیان بگۆڕیت، پاش و پێشیان بکەیت (( بریتییە لەوەی بەشێک لە قسـە پـێش بەشـەکانی تـری بـخەی دوایـش هەر ئەو بەشـە پـاش بـخەی)) (عەبدولرەحمان، ٢٠٠٠، ١٨٤)

**تۆ بۆ من چاکی، من بۆ تۆ چاکم**
**خۆشەویستتری لە هەر شەش کاکم** ل٧٣

لەودێـڕەدا لە نیـوەی یەکەم هەردوو جێنـاوی سـەربەخۆ (تـۆ،من) جێیان گۆڕاوە، سەرەتا شاعیر دەڵێت : ( تۆ بۆ من چاکی) لەسـەر زاری کچەکە باسی ئەوە دەکات، کە کچە پێی دەڵێت تۆ بۆ مـن باشـی، واتە جێنـاوی (تـۆ) دەبێـتە بـکەر و جێنـاوی (من)یـش تەواوکەری بەیاریـدە، پاشان دەڵێت : من بۆ تۆ چاکم، جێگەی هەردوو جێناوە سەرەبەخۆکەی گۆڕی و لە ئەرکیش پێچەوانەبوونەوە.

٧ -**هاوکێش:** (هاوکێش – موازنة) پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کێشـی وشـەکانی نـاو دەقـی شـیعرەکەوە هەیە، دەبێت هەردوو وشـە لە کـێش وەک یەک بن، بەڵام لە سەروادا جیاواز بـن و لە پیتـی کۆتـایی هەردوو وشەکە ئەم جیاوزییە بە دیاردەکەوێت. (عەلائەدیـن سـجادی) یش وەهـا پێناسـەی کـردووە :(( چەنـد سـەروایەکن لە چەنـد ڕسـتەیەکی بە شـوێن یەکدا دروسـت ئەبـن. لە کێشـدا ڕوو بە ڕووی یەک ئەوەسـتن، بەڵام لە پیتی بنچینەییدا جیائەبنەوە))(سجادی، ١٩٧٨، ١٤٢)

**برادەرێکم هەبوو کاکە سوار**
**زاری چاک بوو، دڵی مندال** ل ٩٢-٩٣

شـاعیر لەم دێـڕەدا، وشـەی (سـوار) و (منـداڵ) لە کۆتـایی هەردوو نیوە دێڕدا داناوە، لەڕووی کێشەوە هەردووکیان دوو بڕگەن (س/وار) ، (مـن/داڵ) بەڵام لەڕووی سـەرواوە سـەروایان وەک یەک نییە، بۆیە لەم دێـڕەدا هـونەری جوانکـاری هـاوکێش هەیە، کە مۆسـیقای نـاوەوەی شیعرەکەی دروست کردووە.

٨ -**هاوسـەر:** ئەم هـونەرەش پـێچەوانەی هـونەری (هـاوکێش) ە، چونکە لەم هونەرەدا ئەو وشانەی بەشدارن لە دروستکردنی سەروا، لە کـێش جیـاواز و لەسـەروا وەک یەکـن ((بریتـی یە لە ڕێککەوتنـی نێـوان

دوو وشـە کە لە ڕووی پیتـی سـەرواوە هاوسـەروا بـن، بەڵام هـاوکێش نەبن)) (الثعالبي، ؟ ، ٩٩)

**لاولاو بڵندبێ، لە دەم ڕووباران**

**غەیبەتی دەکەم، سەد هەزار جاران** ل ١٩٤

لەم دێڕەدا هەردوو وشـەی ( ڕووبـاران، جـاران) هەردووکیـان بە چەپـکە دەنگـی (..اران) دەبـن بە هاوسـەروا، بەڵام لەڕووی کێشـەوە ژمـارەی کێشـەکانیان جیـاوازە، وشـەی (ڕووبـاران) لە سـێ بـڕگە پێکهـاتووە، ڕوو/ بـا / ران، بەڵام وشـەی (جـاران) تەنهـا لە دوو بـڕگە پێکهاتووە، جا/ ران، بۆیە هەردوو وشـە لەڕووی سـەروا سـەروادارن، بەڵام لە ڕووی کێشەوە هاوکێش نین.

٩ - **مـتەوازی (هـاوکێش و هاوسـەروا** - المتـوازي ئەو وشـانەی بەشدارن لە دروستکردنی سەروا، دەبێت هەم لەکێش و هەم لە سـەروا وەک و یەک بـن، دەتـوانین پێـی بڵێـین (هـاوکێش و سـەروا) بەم جـۆرە پێناسەیان کردووە (( ئەوەیە کە وشە کۆتاییەکانی ڕستە، یان لەتە دێڕ هاوکێش و هاوسەروا بن)) (شعیب، ٢٠٠٨، ٤٢٢)

**لە بەرهەمی شەش حەوت ساڵان**

**ماڵێک بووم لە ڕێزەی ماڵان** ل ١٠٧

(ساڵان، ماڵان) هەردووکیان هاوکێشن و ژمارەی بڕگەکانیان دوو بـڕگەیە، هاوسەرواشـن بە دووبـارە بـوونەوەی کـۆمەڵە دەنگـی (.اڵان)، مۆسیقای بە شیعرەکە بەخشیوە و مۆسیقای ناوەوەی دروست بووە.

١٠- کـۆکردنەوە: زۆر جـار شـاعێر باسـی کۆمەڵەشـتێک دەکـات لە ژێر یەک بـاس و ناونیشـان کۆیـان دەکـاتەوە، واتە باسـی چەنـد شـتێک، یان کۆمەڵێک شت دەکرێت، کە هەموویـان بـۆ یەک بـابەت دەگەڕێنەوە، (کۆکردنەوە) لە عەرەبی دا (الجمع)ی پێدەڵێن : ((بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو شـت، یـان زیـاتر لەژێـر بەیـداغی بڕیـارێکەوە)) (عەبـدوڵڵا، ٢٠١٢،

١٢١)) بەردەشـــانی لەبەیتەکـــانی دا، ئەم هــونەرەی جوانکـــارییەی زۆر بەکارهێنـــاوە، لەزۆربەی بەیتەکانیـــدا، باســـەکانی لەژێـــر یەک بـــابەت کۆکردۆتەوە، لەبەیتی (چوار وەخت) دەڵێت:

**وەرە با بۆت بکەم باسی چوار وەختان،**

**پاییز و بەهار، هاوین و زستان** ل ٧٧

شاعیر لەم دێڕەدا، لە نیوەی یەکەمدا، باسی چوار وەختان دەکات، کە مەبەستی هەر چوار وەرزەکانی ساڵە، لە نیوەی دووەم هەر چوار وشــەی (پـاییز) و (بەهـار) و (هـاوین) و (زسـتان) لە ژێـر یەک حوکمـدا کۆیکردوونەتەوە، ئەویش ( چـوار وەختـان)ە، ئەمەش بۆتەهـۆی ئەوەی، کە جوانی بەدەقەکە ببەخشێت و مۆسیقای ناوەوە دروست بێت.

## ئەنجام

١- لە بەیتەکانی (عەلی بەردەشانیدا)، شیعر و مۆسیقا، پەیوەندییەکی زۆر بەهێز لەنێوانیاندا هەیە، هەردووکیشیان ڕەنگدانەوەی ژیان و دەروونی شاعیر و ژینگەی شاعیرن.

٢ - بە شێوەیەکی گشتی چەمکی مۆسیقا لە بەیتەکانی بەردەشانیدا چەمکێکی فراوانە، هەردوو جۆرە مۆسیقای دەرەوە و مۆسیقای ناوەوەی شیعر لە بەیتەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و دەورێکی کاریگەریان هەیە، بە جۆرێک:

أ- لە مۆسیقای دەرەوەدا، بەردەشانی کێشی خۆماڵی ژمارەی بڕگەی (چوار تا چواردە)ی بەکارهێناوە، ژمارەی کێشەکانی بەزۆری یەکسانن، بەڵام لە هەندێک دێڕدا تێکەڵاوی لە ژمارەی بڕگەکاندا هەیە. زۆرترین بڕگە، جۆری حەوت بڕگەیی بەکارهێناوە. هەروەها لەڕووی سەرواوە، سەروای مەسنەوی و یەکیەتی سەروا و سەروای یەکگرتووی بەکارهێناوە، پارچەی سەروای سێینە تا هەشتی بەکارهێناوە .

ب- لە ڕووی مۆسیقای ناوەوەدا (دە) هونەری جوانکاری مۆسیقا دەستنیشان کراوە، بەڵام لە هەموویان زیاتر هونەری (دووبارەکردنەوە)ی بەکارهێناوە، لە دووبارە کردنەوەشدا، دووبارەکردنەوەی پیت پاشان ئامرازە.

٣- بەیتەکانی بەردەشانی وێنەی ژیانی کوردەوارین، کاریگەری بەیتەکانی لەناوچەکە و ئەدەبی کوردی ڕەنگی داوەتەوە، ناوەڕۆکی بەیتەکان بریتین لە  بابەتی قارەمانێتی و دڵداری و ئاینی و کۆمەڵایەتی، تەنانەت شیعری هەجو و شیعری ئەجندانیشی هەیە .

٤- بەردەشانی، بەبەیتەکانی ئاوێنەی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی نواندووە، بەتایبەتی لە سەردەمی میرنشینی (عەبدولڕەحمان پاشای بابان).

## سەرچاوەکان:

سەرچاوە کوردییەکان.

**کتێبی کوردی:**

- ئەحمەد، پەخشان عەلی (٢٠٠٩)، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی .
- ئەرستۆ (٢٠٠٤)، عەزیز گەردی، هونەری شیعر، چاپخانەی ڕەنج، چاپی دووەم، سلێمانی.
- ئۆسکارمان (٢٠٠٦)، تحفەی مظفریە، و: هێمن موکریانی، چاپی دووەم ، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- ئیبراهیم( د.)، شوکریە ڕەسوڵ (١٩٨٤)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی دووەم، چ: زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- بەحری، ئەحمەد (٢٠٠٠)، گەنجی سەر بەمۆر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- حەمەدئەمین، زیاد (٢٠٠٦)، دیوانی عەلی بەردەشانی، چاپخانە وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- خۆشناو، هێمن عومەر (٢٠١٣)، بەیتی سیسەبان، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی هەولێر.
- خەزنەدار، معروف (١٩٦٢)، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی (الوفاء)، بەغداد.
- دەشتی، عوسمان (٢٠٠٩)، مۆسیقای شیعری ناوچەی موکریان ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- ڕۆستەمی، ئەحمەد محەمەد میرزا (٢٠١٢)، خورجێن – لێکۆڵینەوە و بابەتی فۆلکلۆری، چ: کەمال، سلێمانی.
- زادە، رەهبەر مەحمود (١٣٦٣ی هەتاوی)، پێکهاتەی بەیتی کوردی، مرکز نشر و فرهنگ بیات کردی، اورمیه.
- سجادی، عەلاءالدین (١٩٧٨)، خۆشخوان (گوزارکاری، ڕەوانکاری، جوانکاری)، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد.

- سـجادی، عەلائەدیـن (١٩٦٧)، ئەدەبـی کـوردی و لێکـۆڵینەوە لە ئەدەبـی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.
- شـامیلۆف (١٩٧٥)، شـوکر مسـتەفا، قەلای دمـدم چـاپی یەکەم، چاپخـانەی کۆڕی زانیاری کورد، هەولێر.
- شـــامیلۆڤ، عەرەبـــی (٢٠١٠)قەلای دمـــدم، گـــۆڕینی بـــۆ کرمـــانجی خواروو:مستەفا سالح کەریم، ئاراس، چ: دووەم، هەولێر.
- شـارۆخ، عەزیـز (٢٠٠٢)، چیـرۆک و بەیتـی کـوردی، ، دەزگـای ئـاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- عەبـدوڵلا( د.)، ئیـدریس (٢٠١٢)، جوانکـاری شـیعری کلاسـیکی کـوردی، چاپخانەی هێڤی ، چاپی یەکەم. هەولێر.
- عەبـــدوڵلا، (پ. ی. د.) ، ئیـــدریس (٢٠٢٠)، دەقناســـی ئەدەبـــی کـــوردی، نووسینگەی تەفسیر، چاپی دووە، هەولێر
- علـی، دڵشـاد ، بنیـاتی هەڵبەسـت لە هـۆنراوەی کوردیدا، چاپخـانەی ڕەنـج، سلێمانی، ١٩٩٨
- قادر، خانزاد علی (٢٠١١)، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شیخ ڕەزای تاڵەبانی، هەولێر.
- کاکی( د.)، حەمە نووری عومەر (٢٠١٢)، شێوازی شیعری نوێی کوردی – کرمانجی ناوەڕاست، چ: ڕوون، سلێمانی.
- گەردی، عەزیز (١٩٧٥)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (جوانکاری- البدیع)، بەرگی دووەم، چ: شارەوانی، هەولێر.
- گەردی، عەزیـز (١٩٩٩)، سـەروا، نـامەی ماسـتەر، زانکـۆی سـەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب ، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- محەمەد، ئومێد محیّ دین (١٩٩٢)، چەرخ و مێژووی هونەری مۆسیکا لە ئەوروپادا ، چاپخانەی APEC ، ستۆکهۆڵم.
- مستەفا، ئاسۆعومەر (٢٠٠٩)، بەهـا ئیسـتاتیکییەکانی شـیعر لای پیرەمێرد و شیخ نوری شیخ سالح و گۆران، چ:خانیّ، دهۆک .
- مسـتەفا، ئیـدریس عەبـدوڵلا (٢٠٠٩)، ڕەنگـدانەوەی (زەمبیـل فـرۆش) لە

ئەدەبی میللی کوردیدا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، هەولێر .
- موکریانی، حوزنی، ١٩٢٥٠ ، غونچەی بەهارستان.
- وردی، محمد تۆفیق (١٩٧٢)، هەندێ لە بەیت و هەڵبەستەکانی عەلی بەردەشانی، چاپخانە القصاء – نجف .
- وەلیانی، عەزیز، ساڵی چاپ؟.ژیلەمۆ، ئاوڕێک لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، شوێنی چاپ؟.

**نامەی ئەکادیمی**.

- ئەحمەد، صافیە محەمەد (٢٠٠٩)، شێوازی شیعرەکوردییەکانی پیربال مەحموود، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- حسێن، جەبار ئەحمەد (٢٠٠٥)، ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی- کوردستانی عێراق (١٩٥٠- ١٩٧٠)، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- سالارعەبدولرەحمان، عەبدولسەلام (٢٠٠٠)، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی) دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

**گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی:**

- خەزنەدار( د.)، ،مارف (١٩٩٢)، گۆڤاری کاروان، سەرەتاکانی ئەدەبی کوردی – ڕووخسار و ناوەرۆک- ، ژمارە(٩٣).
- سەعید، شاهۆ (٢٠٠٠)، گۆڤاری ئایندە، ڕیتم لەنێوان شیعر و موزیکدا، ، ژمارە، (٥٠-٥١).
- کەریم، محەمەدی مەلا گۆڤاری بەیان (١٩٨٢)، بەیتی سەیدەوان، ، ژمارە (٧٨).

**فەرهەنگ و دیوان:**

- میران و شارەزا، سەردار حەمید و کەریم موستەفا (١٣٩٠)، انتشارات کردستان، سنە.
- هەژار، عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی (١٩٩٠)، هەتاوی، هەمبانە بۆرینە،

چاپی یەکەم، تاران.
- گفتوگۆی بەرنامەی ڕادیۆ، حەسەنپوور، ٢٥/٣/ ٢٠٠٢ دەنگی ئەمریکا.

**سەرچاوەی عەرەبی- المصادر العربية:**

**الكتب العربية:**

- ابوليل، امين(د.) (٢٠٠٦)، علوم البلاغة (المعانى والبيان والبديع)، دار البركة النشر والتوزيع، اردن، عمان.
- الثعالبي، ابو منصور (دون تاريخ طبع)، روضة الفصاحة، تحقيق: محمد ابراهيم سليم، مكتبة القران، مصر- القاهرة.
- الحاتمي، محمد بن الحسن (١٩٧٩)، تحقيق: جعفر الكنانى، حلية المحاضرة، العراق، دار الرشيد، بغداد.
- حسين(د.) عبدالقادر (٢٠٠٨)، فن البديع، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.
- حسيني، عبدالجليل يوسف (٢٠٠٥)، علم القافيةعند القدماء والمحدثين ، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، مصر، قاهره.
- خضر( د.)، هاله محجوب (٢٠٠٧)، جماليات فن الموسيقى عبر العصور، دار الوفاء للنشر، الاسكندرية.
- شعيب، ابن عبدالله احمد (٢٠٠٨)، بحوث منهجية في علوم البلاغية العربية، دار ابن حزم، بيروت – لبنان.
- طالب( د.)، عمر محمد (٢٠٠٠)، عزف على وتر النص الشعرى، مطبعة اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
- على(د.)، عبدالرضا (١٩٨٩)، الأيقاع الداخلي، مهرجان المربد الشعرى العاشر، بغداد.
- على، اسعد محمد (١٩٨٥)، بين الموسيقا والادب، ؟.
- هنيدي، نزار بريک (١٩٩٧)، فى مهب الشعر، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
- هوكن، جان ( د.) (١٩٨٦)، محمد الولى و محمد العمرى، بنية اللغة الشعرية،

دار توبقال للنشر، دار البيضاء
- يوسف، حسنى عبدالجليل (٢٠٠٥)، علم القافية عند القدماء والمحدثين، مؤسسة المختار للنشر والتتوزيع، مصر- قاهرة.
ب- رسالة ماجستير
- سەعيد، شاهۆ (١٩٩٩)، دلالات البناء الاقاعي في الشعر، اطروحة ماجستير، جامعة السليمانية.
ج- مجلة.
- محمود عباس (١٩٤٨)، قيم الجمال، مجلة الكتاب، المجلد(٥) جزء(١).

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

- A .S.Hornby- Oxford Advanced Learner’s Dictionary, Oxford University Prees, 2000, 19/5/2022

**الملخص**

يتناول هذا البحث الفن الموسيقي من جمال الشعر في البيت، عنوان البحث هو: ( الموسقا كفن شعري في أبيات علي بەردەشاني)، وهو محاولة لأظهار الموسيقى الشعري في الأبيات عامة، وفي أبيات (علي بەردەشاني) خاصة.

هذا البحث يتكون من ثلاثة أقسام. القسم الأول: عنوانه الموسيقى بشكل عام، وهو يتكون من ثلاثة محاور:( الموسيقى وعلاقته، الوزن والقافية، الموسيقى الداخلية في الشعر). القسم الثاني: البيت، يتكون من ثلاثة محاور: ( الأصل وأهمية البيت، والاشارة في محاولة تجميع للأبيات، وقاريء الأبيات، والغرف الاستقبالية – ديوەخان)، القسم الثالث: الموسيقى كفن شعري في أبيات (علي بەردەشاني)، يتكون من محورين: (الموسيقى الداخلية، والموسيقى الخارجية)، وفي ختام البحث عدا عن قائمة المصادر، كتب النتائج والملخص باللغة الانكليزية.

**الكلمات الدالة:** الموسيقى، البيت، الشعر، الوزن، القافية.

## Abstract

### Music as an Art in Ali Bardashani 's verses

This study which is entitled (Music as a Poetic Art in Ali Bardashani's Verses) is an attempt to demonstrate the music of poetry in verses in general and in Ali Bardashani's verses in particular.

The study consists of three chapters. The first chapter is entitled: 'Music in general' which deals with 'music and its relations, rhyme and rhythm, and internal music of poetry'. The second chapter deals with 'verse' which consists of three themes: The basis and importance of verse, some of the attempts for collecting Kurdish verses, verse reader and the living room (Diwakhan). The third chapter deals with music as a poetic art in Ali Bardashani's verses which consists of two themes: (external music and internal music). The study ends with a list of the references. Finally, the abstract and conclusion are given in Arabic and English languages.

**Keywords**: music, verse, poetry, and rhyme, and rhythm.